گوڤارا ئەكادیمی یا زانكویا نەوروز (المجلة الأكاديمية لجامعة نوروز)، پ.١٣ ژ. ٢، ٢٠٢٤
حقوق الطبع والنشر ©2017. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الابداعي النسبي – CC BY-NC-ND 4. 0.، e-ISSN: 2520-789X
https://doi.org/10.25007/ajnu.v13n2a1825

# شاری موصل ناوەندی لەسكەدانی دراو لە سەردەمی عەباسییەكان

# 132-293ك/750-905ز

## توێژینەوەیەكی مێژووی شیكاری هونەرییە

م. هاوكار احمد عبدالرحمن، بەشی شوێنەوار، كۆلێژی ئاداب، زانكۆی سەلاحەدین -هەولێر، هەرێمی كوردستان، عێراق
پ.د. زیدان رشید خان اودل برادۆستی، پەرلەمانی كوردستان، هەرێمی كوردستان، عێراق

**پوختە**

توێژینەوەكەمان تایبەتە بەو دراوانەی لەسەردەمی عەباسییەكان لە شاری موصڵ لەسكەدراوەن. لەم توێژینەوەیەدا شیكاری بۆ ئەو دراوەنەدەكەین كە لەماوەی خەلافەتی عەباسیەكان لە نێوان ساڵانی (132-293ك/749-905ز) لەشاری موصڵ لەسكەدراون. لەسەردەمی عەباسییەكان شاری موصڵ ناوەندێكی گرنگی لەسكەدانی دراو بووە، هەموو جۆرەكانی دراو (دینار، درهەم، فلس) لەم شارە لەسكەدراوە. دوای گەڕانی زانستی لەمۆزەخانەكان وسەرچاوەزانستییەكانی تایبەت بە دراوی ئیسلامی توانیمان نمونەی ئەو دراوانە بدۆزینەوە كە لە موصڵ لەسكەدراون. بۆ ئەم توێژینەوەیە یەك دینار ویانزە درهەم وسێ فلسمان وەرگرتووە، دراوەكان لەساڵی جیاواز ولەلایەن خەلیفە وئەمیری جیاوازەوە لەسكەدراون. شیكاری مێژووی و هونەریمان بۆ سەرجەم دراوەكان ئەنجامداوە. ئەم توێژینەوەیە بەشێكە لە تێزێكی دكتۆرا تایبەت بە دراوی ئیسلامی لە شاری موصڵ بەوهیوایەین لەرێگای ئەم توێژینەوەیەوە تیشكمان خستبێتە سەر لایەنێكی گرنگی شاری موصڵ ئەویش لەسكەدانی دراوە.

**كلیلی ووشەكان:** دراو، شاری موصڵ، سەردەمی عەباسییەكان، دینار، درهەم.

## 1. پێشەكی

موصڵ بەهۆی هەڵكەوتە جوگرافییەكەی و لەباری بۆ كشتوكاڵ وبازرگانی لە هەموو سەردەمە ئیسلامییەكاندا شارێكی گرنگ و جێگای بایەخ بووە، هەر لەسەرەتاكانی لەسكەدانی دراوی ئیسلامی لە شاری موصڵ دراو لەسكەدراوە. دوای سەركەوتنی عەباسییەكان بەسەر ئەمەوییەكاندا خەڵكی شاری موصڵ وفەرمانڕەوای شارەكە پێشوازیان لە سوپای عەباسیەكان كرد ودەرگای چوونە ناو شارەكەیان بۆ والآكردن. ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بەو دراوانەی خەلیفەكەكانی عەباسییەكان و والییەكانی شاری موصڵ لەشارەكە لەسەكیانداوە. هەر لەسەرەتاكانی دەسەڵاتی عەباسییەكان دراو لەموصڵ لەسكەدراوە، كۆنترین دراوی عەباسییەكان لەموصڵ كە بۆ ئەم توێژینەوەیە دەستمانكەوتووە بریتییە لە فلسێك لە ساڵی (133-142كۆچی) لەماوەی خەلافەتی خەلیفە (ابو عباس السفاح) لەسكەدراوە، دواین دراوی عەباسییەكان لە شاری موصڵ لەسكەدرابێت درهەمێكە لە ساڵی (329كۆچی) لەماوەی خەلافەتی خەلیفە (المتقي لله) لەسكەدراوە پێش ئەوەی حەمدانییەكانەوە دەست بەسەر شارەكەدا بگرن.

سەبارەت بەكارەزانستیەكانی پێشتر لەسەر دراوی عەباسییەكان لە شاری موصڵ، تا ئێستا هیچ توێژینەوەیەكی زانستیمان نییە تایبەت بێت بەم سەردەمە، تەنها دراوناسی عێراقی (ناهض عبدالرزاق القيسي) لە ساڵی 2021 كتێبێكی نوسیوە تایبەت بەدراوی ئیسلامی لە شاری موصڵ، لەوێدا ئاماژە بەدراوی عەباسییەكان دەكات كە لەموصڵ لەسكەدراون بێئەوەی وێنەی دراوەكان دابنێت.

پلانی توێژینەوەکەمان بەشێوەیەکە، جگە لە پوختە و پێشەکی، باسی مێژووی موصڵ و ئابوری شارەکە دەکەین لەسەردەمی عەباسییەکان، هەروەها شیکاری هونەری بۆ ئەو دراوانە ئەنجامدەدەین کە بۆ ئەم توێژینەوەیە وەرگیراون" لەگەڵ دەرئانجام و لیستی سەرچاوەکان، هەروەها لەکۆتاییدا پوختەی توێژینەوەکەمان بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەڕوو.

## 2- کورتەیەکی مێژوویی شاری موصڵ لەسەردەمی عەباسییەکان

لەکۆتاییەکانی خەلافەتی ئەمەوی، ناوچەکانی جەزیرە بە بارودۆخێکی جەزیرە بە بارودۆخێکی رامیاری وسەربازی ئاڵۆزدا تێپەڕدەبوو، شاری موصڵ وەك بەشێکی گرنگ لەم هەرێمە بێبەش نەبوو لەو ئاڵۆزییانە، (الأزدي، 1967، ص111-113). زۆرینەی سەرۆك هۆزەکان دژی سیاسەتەکانی خەلیفەی ئەمەوییەکان (مەروان بن محمد) بوون، دوای شکستەکەی لەجەنگی زاب، والی موصڵ هشام بن عمرو رێگریکرد لە سوپای ئەمەوییەکان بچنە شاری موصڵ ودەرگای شارەکەی بەڕووی سوپای عەباسییەکاندا کردەوە بەسەرکردایەتی (عبدالله کوڕی علی) وخەزێنەکانی خەلیفە مەروان یان لە موصوڵ رادەستی عەباسییەکان کرد (فوزي، 1992، ص66). لەبەر ئەم هەڵوێستەی هیشام بن عمرو لە پۆستەکەی خۆی بەردەوام بوو، وەك والی موصڵ لەساڵی یەکەمی گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن عەباسییەکانەوە لە ساڵی (132ك) (القیسي و حسن، 2021، ص35).

یەکەم والی عەباسییەکان لە شاری موصڵ ناوی (محمد بن صول) گەورەی هۆزی (خثعم) بوو، سەرۆك هۆزەکانی موصڵ رازی نەبوون محمد بن صول ببێت بەوالی شارەکە ورێگایاننەدا بچێتە شارەکە لەبەر ئەوەی عەرەب نەبوو، چونکە ئەمەوییەکان ئەوکەسانەی دەیانکردن بەوالی موصڵ لە کەسایەتییە دیارەکانی عەرەب بوون یان لە بنەماڵەی ئەمەوییەکان بوون (الأزدي، 1967، ص146). لەبەرئەوە خەلیفەی عەباسییەکان (ابو عباس السفاح) براکەی خۆی (یحیی بن محمد)ی کرد بە والی موصڵ، بەڵام محمد بن صول لەگەڵی مایەوە وەك سەرکردەی سەربازی لە موصڵ (فوزي، 1992، ص68). بن صول رقێکی لەدڵدابوو بەرامبەر دانیشتوانی موصڵ بەهۆی ئەوەی رێگایان نەدابوو بچێتە شارەکە وەك والی، دەیویست تۆڵەی خۆی بکاتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش هەستا بەهاندانی یحیی بن محمد بە گرتن ودورخستنەوەی کەسایەتییەکانی موصڵ بە تۆمەتی دڵسۆزییان بۆ ئەمەوییەکان، لەو رێگایەوە ابن صول ژمارەیەکی زۆر کەسایەتی شەرەکەی دەستگیرکرد ودواتر کوشتیانی (فوزي، 1992، ص69). دوای ئەنجامدانی کوشتارێکی زۆر وسەرهەڵدانی نارەزای خەڵکی موصڵ، خەلیفە (یحیی بن محمدی) لەوالی موصڵ دورخستەوە و(اسماعیل بن علی) مامی کرد بەوالی شارەکە، اسماعیل بەڵێنی بە خەڵکی شارەکەدا زوڵمیان لەسەر لابدات وخوێنی کوژراوەکانیان بداتێ، ئەمەش بەسەرەتای ئاشتبوونەوەی دەسەڵاتی عەباسییەکان وخەڵکی موصڵ وگرنگیدانی عەباسییەکان بەناوچەکە دادەنرێت، لەو چوارچێوەیەشدا خەلیفە چەند کارێکی بۆ شارەکە ئەنجامدا، وەك پێدانی خوێنی کوژراوەکان بەخێزانەکانیان وگرنگیدان بە کەسایەتییەکانی شارەکە (الأزدي، 1967، ص156-172). لەسەردەمی خەلیفەکانی دواتری عەباسییەکان شاری موصڵ گرنگی تایبەتی پێدراوە، خەلیفە (ابو جعفر المنصور) زۆر وردبوو لە هەڵبژاردنی ئەو کەسانەی دەکران بە والی موصڵ، لە ساڵی 145-147ك/761-762ز کوڕەکەی خۆی جعفری کرد بەوالی موصڵ (الأزدي، 1967، ص208).

لەماوەی عەباسی یەکەم موصڵ بەردەوام لەکێشە وئاژاوەدا بووە، بەهۆی مانەوەی بەشێك لەئەمەوییەکان لە موصڵ وجەزیرە (الفوزي، 1970-1974، ص136). هۆکارێکی تری ئاژاوە وناکۆکییەکان پەیوەندی بە جیاوازی مەزهەبییەوە هەبووە (الأزدي، 1967، ص180). هەروەها بەهۆی بوونی هۆزایەتی لە موصڵ زۆرجار کێشە لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی عەباسییەکان دروست دەبوو، لە ساڵی (197ك) خەڵکی موصڵ رازی نەبوون بە ولایەتی (حسن بن محمد التغلبی). هەروەها لەسەردەمی خەلیفە المعتمد بالله، دانیشتوانی شارەکە لە دژی والی راپەڕین ولەشارەکە وەدەریاننا (فوزي، 1992، ص75).

لە نێوان ساڵانی (195-202ك) موصڵ لەژێر دەستی (بن الحسن الهمدانین) بووە، بەجۆرێك کۆنترۆڵی شارەکەیان کردبوو والی عەباسیەکان لەشارەکە بەبێ رەزامەندی حسن بن همدان نەیدەتوانی بچێتە شارەکە، (الأزدي، 1967، ص324). دواتر لەنێوان هۆزەکانی موصڵ لەسەر دەسەڵات ناکۆکی سەریهەڵدا ودابەش بوون، بەتایبەتی لەنێوان (علی الهمدانی) و(السید بن انس الأزدی)، ئەم کێشانەش بە شکستی علی همدانی کۆتای هات، بن أنس توانی لە ساڵی 204ك/809ز دەستبگرێت بەسەر شاری موصڵ، لەلایەن خەلیفە مأمون هیچ کاردانەوەیەکی بەرامبەر ئەنجامنەدرا و رازیبوو بەوەی روویداوە (الفوزی، 1992، ص75). السید بن أنس وەك والی موصڵ بەردەوام بوو تا کۆچی دوایی لە ساڵی 211ك (زامباور، 1980، ص57). لەو سەردەمەدا لەڕووی کارگێڕییەوە ئەم ناوچانە خرابوونە سەر موصڵ (شارەزوور، الصامغان، در اباد، کەرخ، داقوق، العمرانیە وتکریت ...هتد)، بەڵام کاتەکانی دواتر ئەم دابەشکارییە کارگێڕییە گۆڕا وتەنها شارزوور لە رووی کارگێڕییەوە لەسەر موصڵ مایەوە (خماش، 1980، ص52) .

## 3. ئابوری موصڵ لەسەردەمی عەباسییەکان:

لە سەرەتای دەسەڵاتی عەباسییەکان ئابوری موصڵ بەدۆخێکی خراپدا تێدەپەڕی، بەهۆی نەبوونی ئارامی وئاسایش لەشارەکەدا، ئەو بارودۆخەش لەئەنجامی کارە خراپەکانی والی یەکەمی عەباسیەکان لە موصڵ یحیی بن محمد بوو لەسەر دەستی سەرکردەی سەربازی محمد بن صول (Robinson, 2000, p.140). لەوکاتەدا دانیشتوانی موصڵ

نەیانتوانیوە ژیانی ئاسای خۆیان بەرێبكەن وپەرە بەلایەنەكانی ئابوری شارەكە بدەن. زۆرجار خەواریجەكان دەستیان بەسەر شارەكەدا دەگرت وباج وسەرانەیان لەخەڵك وەردەگرت، ئەمەش هۆكاربووە بۆ تێكچونی ئابوری شارەكە لەوكاتانەی دەسەڵاتی فەرمی شارەكە نەیدەتوانی كۆنترۆڵی سەرچاوەكانی داهات بكات، زۆركات خەلیفەكانی عەباسی جەیشیان دەنارده سەر شاری موصڵ بەمەستی كۆنترۆڵكردنی شارەكە (الموصلي، 1923، ص73-74).


دوای دورخستنەوەی یحیی بن محمد لە والی موصڵ ودانانی اسماعیل بن علی شارەكە جۆرێك لە بوژانەوەی بەخۆیەوە بینی، اسماعیل زۆر كاری ئەنجامدا بەمەبەستی رێكخستنەوەی موصڵ. لەماوەی فەرمانڕەوایی اسماعیل بن علی هیچ داهاتێكی شارەكەی نەنارد بۆ ناوەند وهەمووی لە بنیاتنانەوەی شارەكەدا خەرجكرد، خەڵكی موصڵ گەڕانەوە بۆ شارەكە ودەستیانكردەوە بە ژیانی ئاسایی خۆیان (الدیوەجي، 1982، ص61-62). خەلیفەكانی سەرەتای عەباسییەكان زۆر گرنگییان بە كاروباری دارای وئابوری داوە، بەتایبەتی داهاتی گشتی (بیت المال)، زۆر توندبوون لەگەڵ ئەوانەی ناپاكییان لە ماڵی گشتی دەكرد و رەشوەیان وەردەگرت (باش، 1981، ص279).

شاری موصڵ لەهەموو سەردەمەكان شارێكی گرنگی كشتوكاڵی بووە، بەهۆی بوونی زەوی فراوان وئاوی زۆر بۆ كشتوكاڵكردن. ئەو كێشە و ئاڵۆزی ونائارامیانەی لەسەرەتای عەباسییەكان لە موصڵ هەبوون رێگربوون لەوەی جوتیارەكان وەك پێویست بەروبوومەكانیان كۆبكەنەوە، هەندێك لەجوتیارەكان ئامادەنەبوون باجبدەن، بەبیانوی ئەوەی بەرهەمەكانیان لەناوچوون بەهۆی هێرشی خەواریجەكانەوە (الفوزي، 1992، ص73).

لە سەردەمی عەباسییەكان داهاتی موصڵ بەشێوەیەك دابەشكرابوو بەشێكی زۆری بۆ پێداویستی تایبەتی شارەكە بەكاردەهات، وەك دروستكردنی بینا وچاككردنی رێگا وكاروباری خێری تایبەت بە هەژاران (الصدقة)، لەهەمان كاتدا بەشێكی زۆری داهاتی موصڵ بۆ پڕكردنەوەی پێداویستییەكانی سوپا خەرجدەكرا، بەمەبەستی بەرەنگاربوونەوەی ئەو هەڕەشانەی لەسەر شارەكە هەبوون. هەروەها لە موصڵ ژمارەیەكی زۆر شوێنی ئاینی هەبوون، كەسانی بێلانە وفێرخوازانی زانست وخواپەرستی لێدەژیان، پێویستبوو لەسەر والی بەشێك لە داهاتی شارەكە دابەشبكات بەسەریاندا، والی عبداللە صالح لەوكەسانەبوو زۆر گرنگی بەم كارانە دەدا (الأزدي، 1967،ص244). دوای ئەوەی شارەكە جۆرێك لە ئارامی بەخۆیەوە بینیوە، ئابورییكەی گەشەی كردووە. هەندێك لەسەرچاوەكان ئاماژە بەوەدەكەن لەماوەی خەلافەتی (هارون الرشید) موصڵ گەشەی كردووە لە رووی بیناسازی وبازرگانی، بەجۆرێك داهاتی شارەكە لەوسەردەمەدا (24) بیست وچوار ملیۆن درهەم بووە (الدیوەجي، 1965، ص6). بەشێوەیەكی گشتی دەتوانین بڵێین ئابوری موصڵ لەسەردەمی سەرەتای عەباسییەكان بەرزی ونزمی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، ئەوكاتانەی بارودۆخی رامیاری وسەربازی شارەكە لەبار بووە وكێشە وئاژاوە كەم بووە ئابوری شارەكە گەشەی كردووە، بەپێچەوانەشەوە لەكاتی بوونی كێشە وئاڵۆزی رامیاری وكارگێڕی ئابوری شارەكە دوچاری دابەزین بووە،.

**4. شیكردنەوەی دراوی موصڵ لەسەردەمی عەباسییەكان:**

سەرئەنجامی گەڕانی زانستی لە مۆزەخانە دیاریكراوەكانی ئەم توێژینەوەیە وكەتەلۆگی مۆزەخانەكانی جیهان وسەرچاوەزانستییەكانی تایبەت بە دراوی ئیسلامی، توانیمان چەند نمونەیەكی دراو بدۆزینەوە كە لەسەردەمی عەباسییەكان لە شاری موصڵ لەسكەدراون. ئەوەی بەدەستمانهێناوە بریتین لە یەك دینار ویانزە درهەم وسێ فلس.



کۆنترین دراوێك لە سەردەمی عەباسییەکان لە موصڵ لەسکەدرابێت بریتییە لە فلسێك، لە ساڵی 133-142ك لەماوەی خەلافەتی یەکەمین خەلیفەی عەباسییەکان (ابو عباس سفاح) لەسکەدراوە، لەلایەن والی موصڵ (ئیسماعیل بن علی). ئەم فلسە لە مۆزەخانەی ئەشمۆلیان پارێزراوە.

لەگەڵ ئەوەی سەرچاوەکان ئاماژە بەوەدەکەن لەسەرەتای وەرگرتنی دەسەڵات لەلایەن عەباسییەکانەوە تا ساڵی 145کۆچی هیچ دراوێك لە موصڵ لەسکەنەدراوە، بەهۆی ئەو ئاڵۆزییانەی لەشاری موصڵ هەبوون (القيسي و حسن، 2021، ص37) ، بەڵام ئەم فلسە ئەو بۆچونە راستدەکاتەوە وئەوە روونەدەکاتەوە پێش ئەو کاتەش لەلایەن عەباسییەکانەوە لە موصڵ دراو لەسکەدراوە. راستە فلسەکە ساڵی لەسکەدانی لەسەر نەنوسراوە، بەڵام ناوی والی (اسماعيل بن علی) لەسەر نوسراوە، بە دیاریکردنی ماوەی فەرمانڕەوایی ئەم والییە لە موصڵ، دەتوانین بڵێین ئەم فلسە کۆنترین دراوی عەباسییەکانە کە لە موصڵ لەسکەیانداوە. ئەم والییە لە ساڵی 133کۆچی بووە بە والی موصڵ، لە ساڵی 137کۆچی بۆ ماوەیەکی کاتی لە ئەرکەکەی دورکەوتووەتەوە، لەهەمان ساڵدا بوەتەوە بەوالی شارەکە وتا ساڵی 142کۆچی بەردەوام بووە (زامباور، 1980، ص56). (بڕوانە نمونەی ژمارە -1- لە کەتەلۆگ).

نمونەی فلسێکی تری عەباسییەکانمان بەدەستگەیشتووە کە لە ساڵی (145ك)، لەلایەن والی موصڵ (جعفر بن منصور) لەسکەدراوە، لە ماوەی خەلافەتی خەلیفە (ابو جعفری منصور).

ئەم فلسە دراوێکی دەگمەنە ونمونەی کەمە لە مۆزەخانەکان، سەرچاوەکانی دراوی ئیسلامی بەیەکەم دراوی عەباسییەکان لە سکەدراوی موصڵ دەستنیشانی دەکەن. دوای گەڕانێکی زۆر توانیمان نمونەیەکی ئەم فلسە بدۆزینەوە کە لە سایتی کۆین ئەرشیفز پارێزراوە بە ژمارە (Lot: 125). ئەم فلسە لە لایەن والی موصڵ جەعفەری کوڕی مەنصور لەسکەدراوە کە کوڕی خەلیفەی عەباسییەکان (ابو جعفر المنصور) بووە، لە ساڵی 145کۆچی بووە بە والی موصڵ (زامباور، 1980، ص56). (بڕوانە نمونەی ژمارە -2- لە کەتەلۆگ).

فلسی سێیەم لە مۆزەخانەی ئەشمۆلیان پارێزراوە، لەسەر ئەم فلسە ساڵی لەسکەدانەکەی نەنوسراوە، بەڵام ناوی ئەو والییەی لەسەر نوسراوە کە فەرمانیکردووە بە لەسکەدانی، ئەویش والی (الصقر بن نجدة)یە، بە دیاریکردنی ماوەی فەرمانڕەوایی ئەم والییە لە موصڵ دەتوانین ساڵی لەسکەدانی فلسەکە دیاریبکەین. صقر بن نجدة لە ساڵی 147-148کۆچی والی موصڵ بووە (زامباور، 1980، ص56). دەرکەوتنی وشەی (بخ بخ) لەسەر پشتی فلسەکە تایبەتەندی دراوی عەباسییەکانە, لە سەردەمی خەلیفە (ابو جعفری منصور)، بەتایبەتی ئەم وشیە زۆر لەسەر درهەمەکانی ئەم خەلیفەیە دەردەکەوێت کە لە شاری بەغداد (مدينة السلام) لەسکەدراون، وشەی بخ بە مانای باش (جيد) دێت (جوان، 2009، ص58-59). (بڕوانە نمونەی ژمارە -3- لە کەتەلۆگ).

سەرچاوەکان ئاماژە بەوەدەکەن لەلایەن والیەکانی تری شاری موصڵ لەسەردەمی عەباسییەکان فلس لەسکەدراوە، بەڵام جگە لەو سێ فلسە نەمانتوانی هیچ فلسێکی تر بدۆزینەوە، بەو هیوایەی لە داهاتوودا نمونەی تری فلسی عەباسیەکان لە موصڵ بدۆزرێتەوە ئەگەر هەبێت.

لە دوای ساڵی 145کۆچی دابڕانێکی دور ودرێژ هەیە لە لەسکەدانی دراو لە موصڵ، بەپێی ئەو دراوانەی بەدەستمانهێناوە بۆ ئەم توێژینەوەیە، لە دوای ئەم ساڵە تا ساڵی 283کۆچی هیچ دراوێکمان نەدۆزییەوە لە شاری موصڵ لەسکەدرابێت. مێژوونوس (سەمیر شیماء) لە پەرتوکی تایبەت بە رووداوەکانی سەردەمی خەلیفە (مەئمون) ئاماژە بەوەدەکات لە ساڵی (205ك) درهەم وفلس لە موصڵ لەسکەدراوە، بێئەوەی ئاماژە بەپێکهاتەی ئەو درهەم وفلسە بکات یان وێنەیان بڵاوبکاتەوە (شيماء، 1995، ص408، 850). هەروەها دراوناسی عێراقی (أ.د. ناهج عبدالرزاق) ئاماژە بە هەمان بابەت دەکات بەبێ بوونی وێنە (القيسي و حسن، 2021، ص40-42). بێ بوونی وێنەی دراوەکە ناتوانین دڵنیابین لەوەی لەو ساڵانە دراو لەموصڵ لەسکەدراوە. لە دوای ساڵی 145کۆچی، کۆنترین دراوێك لەشاری موصڵ لەسکەدرابێت وتوانیمان بەدەستیبهێنین، بریتیە لە درهەمێك کە لە ساڵی 283کۆچی لە سکەدراوە لە ماوەی خەلافەتی خەلیفە (المعتضد بالله 279-289ك/892-902ز)، ئەم درهەمە لە مۆزەخانەی ئەشمۆلیان پارێزراوە.

ئەوەی ئەم درهەمە جیادەکاتەوە لە درهەمەکانی پێشتر ئەوەیە لەسەر رووی درهەمەکە دوو نوسینی بازنەیی هەیە، ئەم گۆڕانکارییەش بۆیەکەمجار لە لایەن خەلیفەی عەباسییەکان (المأمون 198-218ك/813-833ز) ئەنجامدرا لەسەر درهەمی ئیسلامی. (طاقة، 2010، ص68). (بڕوانە نمونەی ژمارە -4- لە کەتەلۆگ).

درهەمێکی ترمان هەیە لە مۆزەخانەی ئەشمۆلیان پارێزراوە، لە ساڵی (295)ی کۆچی لەسکەدراوە، لە ماوەی خەلافەتی (المكتفي بالله 289-295ك/902-908ز) (شهلة، 1998، ص114-116)، لەرووی پێکهاتەوە بەهەمان شێوەی درهەمی پێشترە، تەنها ساڵی لەسکەدانەکەی جیاوازە لەگەڵ ناوی خەلیفە. ساڵی (295ك) ساڵی ئاڵوگۆڕی خەلافەتە لەنێوان خەلیفە (المكتفي بالله) و خەلیفە (المقتدر بالله)، بەڵام لەسەر درهەمەکە ناوی خەلیفە المكتفي نوسراوە، بۆیە گومانی تێدانییە ئەم درهەمە لەماوەی خەلافەتی خەلیفە مکتفی لەسکەدراوە. (بڕوانە نمونەی ژمارە -5- لە کەتەلۆگ).

لەماوەی خەلافەتی خەلیفە (المقتدر بالله 295-320ك/908-932ز) (البغدادي، 1997، ص213)، توانیمان شەش درهەم بەدەستبهێنین بۆ توێژینەوەکەمان، درهەمەکان لە ساڵی جیاواز لەسکەدراون، بەڵام لە رووی پێکهاتەوە یەك شێوەن، تەنها درهەمی شەشەم نەبێت بەهۆی ئەوەی دوجار لە سکەدراوە نوسینەکانی تێکەڵاوبوون و بەباشی ناخوێندرێنەوە.

درهەمی یەکەم لە ساڵی (298ك) لە سکەدراوە و لە مۆزەخانەی نیشتیمانی بەغداد پارێزراوە، درهەمی دووەم لە ساڵی (301ك) لە سکەدراوە و لە مۆزەخانەی ئەشمۆلیان پارێزراوە، درهەمی سێیەم لە ساڵی (302ك) لەسکەدراوە و لە مۆزەخانەی نیشتیمانی بەغداد پارێزراوە، درهەمی چوارەم لە ساڵی (308ك) لەسکەدراوەو لە مۆزەخانەی ئەشمۆلیان پارێزراوە، درهەمی پێنجەم لە ساڵی (317ك) لەسکەدراوەو لە مۆزەخانەی ئەشمۆلیان پارێزراوە، کۆتا درهەم لەگەڵ ئەوەی بەهۆی دووجار لەسکەدانییەوە ساڵەکەی یەتەواوی ناخوێندرێتەوە، بەڵام پێمانوایە لە ساڵی (320ك) لەسکەدراوە لە کۆتا ساڵی خەلافەتی مقتدر بالله، ئەم درهەمە لە مۆزەخانەی نیشتیمانی بەغداد پارێزراوە. (بڕوانە نمونەی ژمارە 6، 7، 8، 9، 10، 11 لە کەتەلۆگ).

لەماوەی خەلافەتی خەلیفە (الراضي بالله 322-329ك/934-940ز) (الصولي، 1979، ص1-2) لەسکەدانی دراو لە شاری موصڵ بەردەوام بووە. لەم توێژینەوەیەدا نمونەی دینارێك ودوو درهەممان هەیە لە ماوەی خەلافەتی ئەم خەلیفەیە لەسکەدراون، درهەمی یەکەم لە ساڵی 323ك لەسکەدراوە ولە مۆزەخانەی ئەشمۆلیان پارێزراوە. (بڕوانە نمونەی ژمارە -12- لە کەتەلۆگ).

درهەمی دووەم لە ساڵی 327ك لە سکەدراوە، لەم درهەمەدا لە سەر رووی درهەمەکە ناسناوی جێنشینی خەلیفە نەخشێنراوە (ابو الفضل بن امیر المؤمنین) (الجنابي، 2008، ص197) ، لە پشتی درهەمەکە ناوی خەلیفە (الراضي بالله) نەخشێنراوە. (بڕوانە نمونەی ژمارە -13- لە کەتەلۆگ).

هەر لەماوەی خەلافەتی خەلیفە راضی نمونەی دینارێکمان هەیە لە ساڵی 329ك لە سکەدراوە و لە مۆزەخانەی نیشتیمانی بەغداد پارێزراوە. ئەم دینارە تەنها دینارە لەسەردەمی عەباسییەکان لە موصڵ لەسکەدرابێت و بۆ ئەم توێژینەوەیە دەستمانکەوت، لەگەڵ ئەوەی لەسەرچاوەکان ئاماژە بە لەسکەدانی دینار دەکەن لە موصڵ لەسەردەمی خەلیفەکانی سەرەتای عەباسییەکان، بەڵام دوای گەرانێکی زۆر نەمانتوانی جگە لەم دینارە بدۆزینەوە. لە لەسەر رووی دینارەکە ناسناوی جێنشینی خەلیفە نەخشێنراوە (ابو الفضل بن امیر المؤمنین) لە پشتی دینارەکە لە باش ناوی خەلیفە (الراضي بالله) ناوی کەسایەتییەك نەخشێراوە بە ناوی (ابو الحسین بجکم)، ئەو کەسایەتییەش (ابو الحسین بجکم المکاني التركي)یە کە لەماوەی خەلافەتی هەردوو خەلیفە (الراضی و المتقی) پلەی (امیر الامراء)ی هەبووە لە بەغداد (Canard, 1960, p.866-867) (التنوخي، 1391هـ، ص196)، هەندێك جار ئەو کەسانەی ئەم پلەیەیان هەبووە ناویان لەسەر دراو نەخشێنراوە لەپاڵ ناوی خەلیفە. (بڕوانە نمونەی ژمارە -14- لە کەتەلۆگ).

کۆتا دراوی عەباسییەکان لە موصڵ لەسکەدرابێت وبەدەستمان گەیشتبێت، بریتییە لە درهەمێك لە ساڵی 329ك لە ماوەی خەلافەتی خەلیفە (المتقی بالله 329-333ك/940-944ز) لەسکەدراوە. ساڵی 329ك ساڵی ئاڵوگۆڕی خەلافەتە لەنێوان هەردوو خەلیفە (الراضی و المتقی)، بەڵام لەسەر درهەمەکە ناوی خەلیفە متقی نەخشێنراوە، بۆیە گومانی تێدانییە لەلایەن ئەم خەلیفەیەوە لەسکەدراوە. لە رووی درهەمەکە ناوی (امیر الامراء) ابو الحسین بجکم نەخشێراوە، لە پشتی درهەمەکەش ناوی خەلیفە (المتقی لله) نەخشێندراوە. لە ئەنجامی گەرانە زانستییەکانمان لە مۆزەخانە وسەرچاوە زانستییەکانی تایبەت بە دراوی ئیسلامی، ئەم درهەمە دواین دراوی عەباسییەکانە کە لە موصڵ لەسکەدراوە، پێش وەرگرتنی دەسەڵاتی موصڵ لەلایەن حەمدانییەکانەوە. (بڕوانە نمونەی ژمارە -15- لە کەتەلۆگ).

**5- نەخش وزەخرەفەی سەر دراوی عەباسییەکان لە شاری موصڵ.**

لەسەر دراوی عەباسییەکان بەشێوەیەکی گشتی جگە لەنوسین، چەند نەخشێکی ئەندازەی لەسەر دراوەکان نەخشێندراوە، ئەو نەخش و زەخرەفە ئەندازەییانەش بریتین لە چەند بازنەیەك بۆ مەبەستی جیاکردنەوەی نوسینەکانی ناوەند لەگەڵ نوسینە بازنەییەکان، هەروەها بۆ مەبەستی پڕکردنەوەی بۆشای وجوانکاری.

ئەو دراوانەی لەسەردەمی عەباسییەکان لەسکەدراون و بۆ ئەم توێژینەوەیە وەرمانگرتوون، بەهەمانشێوە نەخش وزەخرەفەی ئەندازەیی جۆراو جۆریان لەسەر کێشراوە، ئەوەی تێبینی دەکەین سەردەمی خەلیفەیەك بۆ خەلیفەیەکیتر، یان ئەمیرێك بۆ ئەمیرێکیتر جۆری زەخرەفە ئەندازەییەکان جیاوازن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەر خەلیفەیەك یان هەر ئەمیرییەکە ویستویەتی ئەو دراوەی لەسکەیدەدات جیاواز بێت لەوەی پێش خۆی (Hawkar, 2014, p.53).

ئەگەر سەرنجی ئەو دراوانە بدەین کە لەم توێژینەوەیە وەرگیراون، ئەو جیاوازییە بەدیدەکەین کە لەنەخشە ئەندازەییەکان هەیە. لە پاشکۆی ئەم توێژینەوەیەدا لەڕێگای چەند خشتەیەکەوە بۆ هەرجۆرێکی دراو شیکاری هونەری زەخرەفە ئەندازەیەکانی نمونەیەك دەکەین. (بڕوانە خشتەکانی ژمارە 1، 2، 3).

## 6. دەرئەنجام.

دوای ئەنجامدانی توێژینەوەکەمان گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1- دراو بەشێوەیەکی گشتی ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لە نوسینەوەی مێژوی سەردەمە کۆنەکان وپشتڕاستکردنەوەی ئەو ڕووداوە مێژووییانەی لە سەرچاوەکاندا ئاماژەیان پێکراوە، لەڕێگای شیکاری نوسینەکانی سەر دراوەوە.

2- لە سەردەمی سەرەتای عەباسییەکان موصڵ شارێکی گرنگ و جێگای بایەخی خەلیفەکانی عەباسی بووە، لەهەمانکاتدا بەردەوام کێشە رامیاری وسەربازی وسەرهەڵدانی جۆراو جۆر لەشارەکە ڕوویداوە.

3- دانیشتوانی موصڵ لەسەردمی عەباسییەکان بوێر وچاونەترس بوون، زۆرجار بەرامبەر بڕیارەکانی خەلیفە راوەستاونەتەوە، بەتایبەتی ئەو بڕیارانەی لەگەڵ بەرژەوەندی شارەکەیان نەدەگونجان، بۆنمونە زۆرجار رێگر بوون لە دەستبەکاربوونی ئەو والییانەی لەلایەن خەلیفەوە بۆ موصڵ دادەمەزران، رەتیاندەکردنەوە وریگاياننادا بچنە شارەکە.

4- ئابوری موصڵ لەسەردەمی عەباسییەکان بەرزیونزمی زۆری بەخۆیەوە بینیوە. لەسەرەتای هاتنی عەباسییەکان بۆ شارەکە بۆهۆی کێشە وئاڵۆزی لەموصڵ، ئابوری شارەکە بەتەواوی روو لەخراپی بووە، بەڵام لەوکاتانەی ئارامی وئاسایش لەشارەکە هەبووە ئابورییەکەی گەشەی کردووە، چونکە موصڵ ناوچەیەکی گرنگی ئابوری بووە بۆ خەلافەتی ئیسلامی، بەهۆی گرنگی شارەکە لەرووی کشتوکاڵ وبازرگانی لەو سەردەمە.

5- هەر لەسەرەتاکانی گەیشتنی عەباسیەکان بەشاری موصڵ، بەهۆی گرنگی شارەکەوە دراویان تێدا لەسکەداوە.

6- لەسەردەمی عەباسییەکان بۆ یەکەمجار لەشاری موصڵ دینار لەسکەدراوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ گرنگی شارەکە، چونکە لەسکەدانی دینار راستەوخۆ لەژێر چاودێری خەلیفەدا بووە وتەنها لە پایتەختی خەلافەت وئەو شارانە لەسکەدەدرا کە زۆر گرنگ بووە بۆ دەوڵەت.

## 7. لیستی سەرچاوەکان


1-ابن الحمداني، محمد بن علي بن محمد (ت 580هـ) (1419هـ/1999م)، *الإنباء في تاريخ الخلفاء*، تحقيق: د. قاسم السامرائي، ط1، دار الأفاق العربية، القاهرة.

2-ابن الساعي البغدادي، علي بن يحيى (1309هـ)، *مختصر أخبار الخلفاء*، ط1، المطبعة الاميرية، مصر.

3- ابن شاهين، زين الدين عبد الباسط بن خليل ابن شاهين الظاهري الحنفي (844-920هـ) (1422هـ/2002م)، *نيل الامل في ذيل الدول*, ط1، تحقيق: د.عمر عبدالسلام تدمري، القسم الخامس من الجزء الثاني، امكتبة العصرية، بيروت.

4-الأزدي، ابو زكريا يزيد بن محمد بن اياس بن القاسم (1967)، *تاريخ موصل*، تحقيق: علي حبيبة، لجنة احياء التراث الاسلامية، القاهرة.

5-باش، عزام عبدالله محمد نور (1401هـ/1981م)، *الخراج في الدولة الإسلامية حتى نهاية العصر العباسي الأول*، رسالة ماجستير، جامعة الملك عبدالعزيز، كلية الشريعة والدراسات الاسلامية، قسم التاريخ، مكة المكرمة.

6-البغدادي ، الخطيب (1997)، ابو بكر احمد بن علي (ت463هـ)، *تاريخ بغداد أو مدينة السلام*، ج7، دار الكتب العلمية، بيروت.

7-التنوخي، الحسن بن علي بن محمد بن ابي الفهم داود التنوخي البصري، ابو علي (ت 384هـ) (1391هـ)، *نشوار المحاضرة وأخبار المذاكرة*، ج1.

8-الجبوري، د.احمد اسماعيل عبدالله (2006)، *إجراءات الخليفة المعتضد بالله السياسية والاقتصادية والادارية في الموصل واقليم الجزيرة*، مجلة ابحاث الكلية التربية الاساسية، المجلد4، العدد4، جامعة موصل.

9-جوان احمد اسماعيل (2009)، *دراسة تحليلية لدراهم الخليفتين أبي جعفر المنصور والمهدي من (136-169هـ/754-785م) في متاحف اقليم كوردستان العراق*، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة صلاح الدين-اربيل، كلية الاداب، قسم الأثار، اربيل.

10-حميد مطر حمد الجنابي (2008)، *النقود العباسية منذ 132-324هـ/750-946م دراسة تاريخية*، رسالة ماجستير غيرة منشورة، معهد التاريخ العربي والتراث الفكري للدراسات العليا، بغداد.

11-خماش، نجدة (1980) *الإدارة في العصر الاموي*، دار الفكر، دمشق.

12-الديوەجي ، سعيد (1965)، *الموصل أم الربيعين*، مديرية الأثار العامة، مطبعة الحكومة، بغداد.

13-الديوەجي، سعيد (1402هـ/1982م )، *تاريخ الموصل*، ج1، مطبوعات المجمع العلمي العراقي.

14-الربعي، ابو سليمان محمد بن عبدالله بن احمد بن ربيعة بن سليمان بن خالد بن عبدالرحمن بن زبير (ت379هـ) (1410هـ)، *تاريخ مولد العلماء ووفياتهم*، ج2، ط1، تحقيق: عبدالله احمد سليمان الحمد، دارالعاصمة، الرياض.

15-زامباور (1400هـ/1980م)، *معجم الانساب والأسرات الحاكمة في التاريخ الإسلامي*، دار الرائد العربي، بيروت.

16-الشافعي، ابو عبدالله محمد بن ادريس بن العباس بن عثمان بن شافع بن عبدالمطلب بن عبد المناف المطلبي القريشي المكي (ت 204هـ) (1370هـ/1951م)، *مسند الامام الشافعي*، ج1، دار الكتب العلمية، بيروت.

17-شهلة، د. إيلي منيف (1418هـ/1998م) ، *الأيام الأخرة في حياة الخلفاء*، ط1، دار الكتاب العربي، دمشق. السيوطي، جلال الدين عبدالرحمن (ت911هـ) (1424هـ/2003م)، تاريخ الخلفاء, ط1، دار ابن حزم، بيروت.

18-شيماء، سمير(1995)، *أحداث عصر المأمون كما ترويها النقود*، *معهد الأثار والأنثروبولوجيا*، جامعة يرموك، عمان.

19-الصولى، محمد بن يحيى (1399هـ/1979م)، *اخبار الراضي بالله والمتقي بالله أو تاريخ الدولة العباسية*، دار المسيرة، بيروت.

20-طاقة، د.رنا صلاح طاهر (2010)، *العملة في العهد الحمداني*، *مجلة التربية والعلم*، المجلد 17، العدد 1، موصل.

21-فوزي، أ.د. فاروق عمر (1412هـ/1992م)، *الموصل ابان الحكم العباسي المباشر 132-293هـ/749-905م*، في موسوعة الموصل الحضارية، المجلد الثاني، ط1، دار الكتب للطباعة والنشر-جامعة موصل، موصل.

22-فوزى، فاروق عمر (1970-1974)، *العباسيون الأوائل*، ج1، دار الأرشاد، بيروت.

23-القيسى، ناهض عبدالرزاق و حسن، سهيلة مزبان (2021)، *نقود الموصل من العصر الأموي حتى العصر العثماني*، المكتبة الوطنية، بغداد.

24-المحامي، محمد فريد بك ابن احمد فريد ثاشا (ت 1338هـ) (1401هـ/1981م)، *تاريخ الدولة العلية العثمانية*، تحقيق: احسان حقي، ط1، دار النفائس، بيروت.

25-الموصلي، القس سليمان صائغ (1343هـ/1923م)، *تاريخ الموصل*، ج1، المطبعة السلفية، مصر.

26-اليمني، نشوان بن سعيد الحميدي (ت 573هـ) (1420هـ/1999م )، *شمس العلوم ودواء كلام العرب من الكلوب*، ج3، تحقيق:د.حسين بن عبدالله العمري وأخرون، ط1، دارالفكر المعاصر، بيروت، دارالفكر، ديمشق.

27-Canard Marius (1960), *Bajkam, Encyclopidia of Islam*, New edition, Volum I: A-B, Leiden and New York,

28-Hawkar Ahmed Abdullrahman, (2015) « *Une collection de dirhams umayyades conservée au Musée de Sulaymaniyah au Kurdistan irakien»,* in Marti, Lionel, Nicolle, Christophe, Shawaly, Kawah (éd.), Recherches en Haute-Mésopotamie, II, Mission archéologique de Bash Tapa (campagnes 2012-2013) et les enjeux de la recherche dans la région d'Erbil, Paris, Sepoa..

29-Robinson, Chase F. (2000), *Empire and elites after the Muslim conquest – the transformation of northern Mesopotamia*, Cambridge university press.

30-https://www.coinarchives.com

## 8. کەتەلۆگ

لەم بەشەی توێژینەوەکەمان بەشێوەیەکی زانستی شیکاری بۆ پێکهاتەی ئەو دراوانە ئەنجامدەدەین کە بۆ ئەم توێژینەوەیە وەرمانگرتوون. بۆ هەر دراوێك ژمارەیەکمان داناوە کە لە ژمارە (1) دەستپێدەکات و بە ژمارە (15)کۆتای دێت، پاشان ئاماژە بەناوی ئەو شوێنە دەکەین کە دراوەکەی لێژاریزراوە لەگەڵ ژمارە فەرمییەکەی، دواتر کێش و پێوانەی دراوەکە دیاری دەکەین لەگەڵ جۆری دراوەکە وساڵی لەسکەدانی دراوەکە.

بێگومان هەردراوێك لە دوو رووی هەیە لەسەر هەر لایەکی نوسین ونەخشی جیاواز هەیە، لەبەر ئەوەی ئەم توێژینەوەیە یەکەم توێژینەوەیە لەم بوارە بە زمانی کوردی بنوسرێت، تا ئێستا دەستەواژەیەکی دیاریکراومان نییە بۆ ناونانی هەر روویەکی دراوەکە، هاوشێوەی زمانەکانی تر دەستەواژەی (روو) و (پشت) بەکار دەهێنین بۆ دیاریکردنی هەرلایەکی دراوەکە. سەرەتا رووی دراوەکە شیدەکەینەوە، بە خوێندنەوەی نوسینی ناوەندی رووەکەی لەگەڵ نوسینەی بازنەی ئەگەر هەبوو. پاشان بەهەمان شێوە نوسینەکانی پشتەکەی شیدەکەینەوە.

**نمونەی ژمارە -1-  ژمارەی مۆزەخانە:      HCR 11520 مۆزەخانەی ئەشمۆليان**

**كێش: 3.4گم      تیرە: 21.5ملم      جۆری دراو: فلس      ساڵی لەسكەدان: 133-142ك**

---



روو:

ناوەند: لا اله

الا الله

وحده

---



پشت:

ناوەند:

محمد

رسول

الله

بازنەكە: بسم الله امر الامير اسمعيل بن علي اعز الله نصره

**نموونەی ژمارە -2-  ژمارەی مۆزەخانە:     کۆین ئەرشیفز Lot: 125**

**کێش: 14.75گم      تیرە: 29ملم      جۆری دراو: فلس      ساڵی لەسکەدان: 145ك**




روو:

ناوەند: لا اله الا

الله وحده

لا شريك له

بازنەکە: بسم الله ضرب هذا الفلس بالموصل سنة خمس واربعين ومئة




پشت:

ناوەند: محمد

رسول

الله

بازنەکە: مما امر به الامير جعفر بن امير المؤمنين اصلحه الله

**نمونەی ژمارە -3- ژمارەی مۆزەخانە: HCR 11523 مۆزەخانەی ئەشمۆلیان**

**کێش: 5.6گم تیرە: 19.8ملم جۆری دراو: فلس ساڵی لەسکەدان: 147-148ك**

---

ڕوو:



ناوەند: لا اله الا

الله وحده

لا شريك له

بازنەکە: بسم الله ضرب هذا الفلس بالموصل

---

پشت:



ناوەند: محمد

رسول

الله

بخ بخ

بازنەکە: مما امر به الامير الصقر بن نجدة اصلحه الله

**نمونەی ژمارە -4- ژمارەی مۆزەخانە: HCR 11290 مۆزەخانەی ئەشمۆلیان**

**كێش: 4.09گم تیرە: 22.1ملم جۆری دراو: درهەم سالی لەسكەدان: 283ك**

---



روو:

ناوەند: لا اله الا

الله وحده

لا شريك له

بازنەی یەكەم: بسم الله ضرب هذا الدرهم بالموصل سنة ثلث و ثمنين و مائتين.

بازنەی دووەم: لله الامر من قبل و من بعد و يومئذ يفرح المؤمنون بنصر الله

---



پشت:

ناوەند: لله

محمد

رسول

الله

المعتضد بالله

بازنەكە: محمد رسول الله ارسله بالهدى ودين الحق ليظهره على الدين كله ولوكره المشركون

**نمونەی ژمارە -5- ژمارەی مۆزەخانە: HCR 11320 مۆزەخانەی ئەشمۆلیان**

**كێش: 2.64گم تیرە: 23.9ملم جۆری دراو: درهەم سالی لەسكەدان: 295ك**



روو:

ناوەند: لا اله الا

الله وحده

لا شريك له

بازنەی یەكەم: بسم الله ضرب هذا الدرهم بالموصل سنة خمس و تسعين و مائتين

بازنەی دووەم: لله الامر من قبل و من بعد و يومئذ يفرح المؤمنون بنصر الله



پشت:

ناوەند: لله

محمد

رسول

الله

المكتفى بالله

بازنەكە: محمد رسول الله ارسله بالهدى ودين الحق ليظهره على الدين كله ولوكره المشركون

**نمونەی ژمارە -6- ژمارەی مۆزەخانە: 145744-مس مۆزەخانەی نیشتیمانی بەغداد**

**كێش: 2.89گم تیرە: 26ملم جۆری دراو: درهەم سالی لەسكەدان: 298ك**

---

روو:

لا اله الا

الله وحده

ناوەند: لا شريك له

ابو العباس بن

امير المؤمنين




بازنەی یەكەم: بسم الله ضرب هذا الدرهم بالموصل سنة ثمان وتسعين ومائتين

بازنەی دووەم: لله الامر من قبل و من بعد و يومئذ يفرح المؤمنون بنصر الله

---

پشت:

ناوەند: لله

محمد

رسول

الله

المقتدر بالله




بازنەكە: محمد رسول الله ارسله بالهدى ودين الحق ليظهره على الدين كله ولوكره المشركون

**نمونەی ژمارە -7- ژمارەی مۆزەخانە: HCR 11378 مۆزەخانەی ئەشمۆليان**

**كێش: 2.98گم تیرە: 26.1ملم جۆری دراو: درهەم ساڵی لەسكەدان: 301ك**

ڕوو:



ناوەند: لا اله الا

الله وحده

لا شريك له

ابو العباس بن

امير المؤمنين

بازنەی یەكەم: بسم الله ضرب هذا الدرهم بالموصل سنة احدى و ثلثمائة

بازنەی دووەم: لله الامر من قبل و من بعد و يومئذ يفرح المؤمنون بنصر الله

پشت:



ناوەند: لله

محمد

رسول

الله

المقتدر بالله

بازنەكە: محمد رسول الله ارسله بالهدى ودين الحق ليظهره على الدين كله ولوكره المشركون

**نمونەی ژمارە -8- ژمارەی مۆزەخانە: 147790 - مس مۆزەخانەی نیشتیمانی بەغداد**

**كێش: 2.95گم تیرە: 25ملم جۆری دراو: درهەم ساڵی لەسكەدان: 302ك**



ڕوو:

ناوەند: لا اله الا

الله وحده

لا شريك له

ابو العباس بن

امير المؤمنين

بازنەی یەكەم: بسم الله ضرب هذا الدرهم بالموصل سنة ثنتين و ثلثمائة

بازنەی دووەم: لله الامر من قبل و من بعد و يومئذ يفرح المؤمنون بنصر الله



پشت:

ناوەند: لله

محمد

رسول

الله

المقتدر بالله

بازنەكە: محمد رسول الله (ارسله بالهدى ودين الحق ليظهره على الدين)كله ولوكره المشركون.

**نمونەی ژمارە -9- ژمارەی مۆزەخانە: HCR 11379 مۆزەخانەی ئەشمۆليان**

**كێش: 3.42گم تيرە: 26ملم جۆری دراو: درهەم سالی لەسكەدان: 308ك**




ڕوو:

ناوەند: لا اله الا

الله وحده

لا شريك له

ابو العباس بن

امير المؤمنين

بازنەی يەكەم: بسم الله ضرب هذا الدرهم بالموصل سنة ثمان و ثلثمائة

بازنەی دووەم: لله الامر من قبل و من بعد و يومئذ يفرح المؤمنون بنصر الله




پشت:

ناوەند: لله

محمد

رسول

الله

المقتدر بالله

بازنەكە: محمد رسول الله ارسله بالهدى ودين الحق ليظهره على الدين كله ولوكره المشركون

**نمونەی ژمارە -10- ژمارەی مۆزەخانە: HCR 11380 مۆزەخانەی ئەشمۆلیان**

**كێش: 2.94گم تیرە: 31.1ملم جۆری دراو: درهەم ساڵی لەسكەدان: 317ك**



ڕوو:

ناوەند: لا اله الا

الله وحده

لا شريك له

ابو العباس بن

امير المؤمنين

بازنەی یەكەم: بسم الله ضرب هذا الدرهم بالموصل سنة سبع عشرة و ثلثمائة

بازنەی دووەم: لله الامر من قبل و من بعد و يومئذ يفرح المؤمنون بنصر الله



پشت:

ناوەند: لله

محمد

رسول

الله

المقتدر بالله

بازنەكە: محمد رسول الله ارسله بالهدى ودين الحق ليظهره على الدين كله ولوكره المشركون

**نمونەی ژمارە -11- ژمارەی مۆزەخانە: 108428 – مس مۆزەخانەی نیشتیمانی بەغداد**

**کێش: 3.30گم تیرە: 25.5ملم جۆری دراو: درهەم سالی لەسکەدان: (0)32ك**



ڕوو:

ناوەند: لا اله الا

الله وحده

لا شريك له

ابو العباس بن

امير المؤمنين

بازنەی یەکەم: بسم الله ضرب هذا الدرهم بالموصل سنة اثنتين و عشرين و ثلثمائة

بازنەی دووەم: لله الامر من قبل و من بعد و يومئذ يفرح المؤمنون بنصر الله



پشت:

ناوەند: لله

محمد

رسول

الله

المقتدر بالله

امير المؤمنين

بازنەکە: محمد رسول الله ارسله بالهدى ودين الحق ليظهره على الدين كله ولوكره المشركون

**نمونەی ژمارە -12- ژمارەی مۆزەخانە: HCR 11444 مۆزەخانەی ئەشمۆلیان**

**كێش: 3.1گم تیرە: 25.9ملم جۆری دراو: درهەم سالی لەسكەدان: 323ك**




ڕوو:

ناوەند: لا اله الا

الله وحده

لا شريك له

بازنەی یەكەم: بسم الله ضرب هذا الدرهم بالموصل سنة ثلث و عشرين و ثلثمائة

بازنەی دووەم: لله الامر من قبل و من بعد و يومئذ يفرح المؤمنون بنصر الله




پشت:

ناوەند: لله

محمد

رسول

الله

الراضی بالله

بازنەكە: محمد رسول الله ارسله بالهدى ودين الحق ليظهره على الدين كله ولوكره المشركون

**نمونەی ژمارە -13- ژمارەی مۆزەخانە: HCR 11445 مۆزەخانەی ئەشمۆلیان**

**كێش: 3.43گم تیرە: 25.1ملم جۆری دراو: درهەم ساڵی لەسكەدان: 327ك**

---



روو:

ناوەند: لا اله الا

الله وحده

لا شريك له

ابو الفضل بن

امير المؤمنين

بازنەی یەكەم: بسم الله ضرب هذا الدرهم بالموصل سنة سبع و عشرين و ثلثمائة

بازنەی دووەم: (لله الامر من قبل و من بعد و يومئذ يفرح المؤمنون بنصر الله)

---



پشت:

ناوەند: لله

محمد

رسول

الله

الراضى بالله

بازنەكە: (محمد رسول الله ارسله بالهدى ودين الحق ليظهره على الدين كله ولوكره المشركون).

**نمونەی ژمارە -14- ژمارەی مۆزەخانە: 149140 – مس مۆزەخانەی نیشتیمانی بەغداد**

**كێش: 4.19گم تیرە: 25ملم جۆری دراو: دینار ساڵی لەسكەدان: 329ك**

ڕوو:



ناوەند: لا اله الا

الله وحده

لا شريك له

ابو الفضل بن

أمير المؤمنين

بازنەی یەكەم: بسم الله ضرب هذا الدينار بالموصل سنة تسع وعشرين وثلثمائة.

بازنەی دووەم: لله الامر من قبل و من بعد و يومئذ يفرح المؤمنون بنصر الله

پشت:



ناوەند لله

محمد

رسول الله

الراضي بالله

ابو الحسين بجكم

مولاه

بازنەكە: محمد رسول الله ارسله بالهدى ودين الحق ليظهره على الدين كله ولوكره المشركون

**نمونەی ژمارە -15- ژمارەی مۆزەخانە: HCR 11459 مۆزەخانەی ئەشمۆلیان**

**كێش: 3.2گم تیرە: 25.2ملم جۆری دراو: درهەم سالی لەسكەدان: 329ك**



روو:

لا اله الا

الله وحده

ناوەند: لا شريك له

ابو الحسين بجكم

مولى امير المؤمنين

بازنەی یەكەم: بسم الله ضرب هذا الدرهم بالموصل سنة تسع و عشرين و ثلثمائة

بازنەی دووەم: (لله الامر من قبل و من بعد و يومئذ يفرح المؤمنون بنصر الله)



پشت:

ناوەند: لله

محمد

رسول

الله



المتقي لله

بازنەكە: (محمد رسول الله ارسله بالهدى ودين الحق ليظهره على الدين كله ولوكره المشركون)

**9. خشتەکان**



**خشتەی ژمارە - 1 –**

**نەخش وزەخرەفەی ئەندازەیی سەر فلسی مسی موصڵ لە سەردەمی عەباسییەکان 132-293ك/750-905ز**

| ژ.نمونە | ساڵ | شیکردنەوەی زەخرەفەکان | شێوەی هێڵکاری |
|---|---|---|---|
| 1 | 133-137ك | أ- شێوەی رووی فلسەکە بازنەییەکی ناڕێکە.<br>ب- نوسینەکانی رووی فلسەکە بە بازنەیەك دەورەدراو کە بەشی خوارەوەی رەشبووەتەوە.<br>ج- بازنەیەکی ئەستور دەوری رووی فلسەکەی داوە.<br>د- نێوان ئەو دووبازنەیە بە دوو ئەڵقەی دووانی کە یەکێکیان گەورەترە لەگەڵ دوو ئەڵقەی داخراو رازێندراوەتەوە. | **روو:**<br> |
| | | أ- شێوە پشتەکەی وەك رووەکەی بازنەییەکی ناڕێکە.<br>ب- نوسینەکانی ناوەندی پشتی فلسەکە بە بازنەیەك دەورەدراوە<br>ج- نوسینە بازنەییەکەی بە بازنەیەکی ئەستور دەورەدراوە کە بەشی لای چەپ وخوارەوەی رەشبووەتەوە. | **پشت:**<br> |

**خشتەی ژمارە - 2 -**


**نەخش وزەخرەفەی ئەندازەیی سەر درهەمی زیوی موصڵ لە سەردەمی عەباسییەکان 132-329ك/750-940ز**


| ژ.نمونە | ساڵ | شیکردنەوەی زەخرەفەکان | شێوەی هێڵکاری |
|---|---|---|---|
| 5 | 295ك | أ- رووی درهەمەکە بە شێوەی بازنەییە ولێوارەکانی نارێکە.<br>ب- نوسینەکانی رووی درهەمەکە بە دوو بازنە دەورەدراون، یەکێکیان باریکە وئەوەیتریان ئەستورە و هیچ نەخشێکی لەسەرنییە. | <br>**روو:** |
| | | أ- هەمانشێوەی رووەکەی بازنەییە<br>ب- نوسینی ناوەندی پشتەکەی بە بازنەیەك دەورەدراوە.<br>ج- نەخشێك لە شێوەی خاڵێك (ندبە) لەسەر وشەی (الله) لە ناوەندی نەخشێنراوە. | **پشت:**<br><br> |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | د- نوسنەبازنەییەکە بە دوو بازنە دەورەدراوە، یەکێکیان باریکە وئەوەیتریان ئەستورە و هیچ نەخشێکی لەسەرنییە.<br>لەسەر نمونەی (29) لەخوارەوەی نەخشێك هەیە لەشێوەی مانگ وخاڵێکی لە ناوەندێتی ولەپیتی (نون) دەچێت. |  |

**خشتەی ژمارە - 3 -**

**نەخش وزەخرەفەی ئەندازەیی سەر دیناری زێری موصڵ لە سەردەمی عەباسییەکان 132-329ك/750-940ز**

| ژ.نمونە | ساڵ | شیکردنەوەی زەخرەفەکان | شێوەی هێڵکاری |
|---|---|---|---|
| 13 | 329ك | أ- رووی دینارەکە بە شێوەی بازنەیی رێکە.<br>ب- سەرجەم نوسینەکانی رووی دینارە بە دوو بازنە دەورەدراوە، یەکێکیان باریکە وئەوەیتریان ئەستورە و هیچ نەخشێکی لەسەرنییە. | **روو:**   |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | أ- هەمانشێوەی رووەكەی بازنەییە<br>ب- نوسینی ناوەندی پشتەكەی بە بازنەیەك دەورەدراوە.<br>ج- نوسینە بازنەییەكە بە بە دوو بازنە دەورەدراوە، یەكێكیان باریكە وئەوەیتریان ئەستورە و هیچ نەخشێكی لەسەرنییە. | **پشت:**<br> |